SOCIETYOFTH POLITICAL

PRISONER OF KURDISTAN

No:

Date:

کۆمەڵەی

زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان

ژمارە: ٧٨٨

بەروار: ٢٠٠٦/٩/٢٩

بەڕێز/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەڕێز/ سەرۆکی لیژنەی دارشتنی دەستوری هەرێمی کوردستان

بابەت/ یاداشت

بەڕێزان: ئێمە وەکو زیندانیانی سیاسی کوردستان کە هەموو چین و توێژەکانی گرتۆتەخۆ کە ئوێنەری سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تێدابووە دووجار سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە بۆ داکۆکی کردن و دیاری کردنی مافەکانی زیندانیانی سیاسی کوردستان کە هەردوو جارەکە چاومان بە سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کەوت و یاداشتمان دانیٚ بۆ ئەو مەبەستە بەڵام بە داخەوە ئێستا ڕەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان کەوتە بەردەست خەڵك لە هیچ سوچ و کەلێنێك باسی شەهیدانی زیندوو نەکراوە وەکو ئەوەی کە ئێمە خوێن و ماندووبوونمان نەدابیٚ بۆ ئازادی و لەدایك بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ داکۆکی لە مافەکانی ئەتەوەکەمان و بەدیهێنانیان.

بەڕێزان: ئێمەی زیندانیانی سیاسی بە هەموو بیرو باوەڕە حیزبی و سیاسیەکانەوە داوادەکەین و جەخت دەکەینەوە کە بەشێوەکی ڕون و ئاشکرا ناوی زیندانیانی سیاسی لە هەردو ماددەی ٤١ و ٧٤ دا زیاد بکرێت و لانی کەم وەك دەستوری هەمیشەیی ئێراق وەك ڕێز و وەفایەك بۆ قوربانی زیندانیان لە دەستوری کوردستاندا جێگیر بکرێن. پۆئەوەی هەست بە کوردستانی بونی خۆمان بکەین ئەك ئێراقی بون کە زیاتر لە هەزاران بنەماڵەی زیندانی سیاسی خەبات و ڕەنج و ماندووبوون و دەنگی داوە بۆ لەدایك بوونی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتەکەمان دیارە لەسەردانەکەماندا بۆ پەرلەمان و دانیشتنمان و لە یاداشتەکەدا ئاماژەمان کردووە بۆ دەستووری عێراقی فیدرال و کە لەمادەی (١٢٨) هاتووە تایبەتە بە مافەکانی زیندانی سیاسی و یاسای ژمارە (٤١) کە بڵاو کرایەوە لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکان کە زیندانی سیاسی بوون لە دەزگای سەربەخۆ (مؤسسة السجناو السياسيين) بەڕێزان/ بۆ وەبیرهێنانەوەتان بەئێنتانەدا لەوەی لە بەغداد کراوە ئەگەر زیاترتان بۆ ئەکەین کەمترناکەین بۆیە داواکارین لە دەستوری هەرێمی کوردستان ڕەچاوی یاداشتنامەکەمان بکەنو گرنگی پێبدەن لە کاتی پەراوێز کردنمان هەڵوێستمان دەبێت. ئێمە چاوەڕیٚ بوین دەستوری کوردستان وەك ئەرشیفێکی ئەتەوەیی بروانێتە خۆراگرانی ئێو زیندانەکان کە داکۆکیان لە نیشتمان کردوە بۆ ئەوەی وەك ئەزموونێك ئەوەکانی داهاتوو سودی لێوەرگرن و بکرێن بە بەشێکی مێژوی هاوچەرخی کوردستان بین. بەڵام بەداخەوە لە سەردەمایی ترین ماف بێبەشکراین.

لە کۆتاییدا ڕێزو حورمەتمان بۆ گشت لایەکتان و ماندووبوونی لیژنەی نوسینی دەستور بەرز دەنرخێنین. جارێکی تر داواکارین و جەخت دەکەینەوە کە مافی خۆمانە ناومان لە هەردوو ماددەی ناوبراودا تۆماربکرێت و لەو پێناوەدا خەبات دەکەین و وەك چۆنلەسەر هەڵوێستەکانی ناو گرتوخانە سور بوین هەرواش نیستا لەسەر ئەو داواکاریەمان سورین پۆئەوەی وتەکانی سەرکردە بەڕێزەکانمان تەنها لە بارەگای ڕێکخراوەکانماندا هەڵنەواسرین . بەڵکو بینە بەشێکی دەستوری هەمیشەیی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزدا ...

ئاکۆ جەلال

ل. ئەقی سلێمانی ڕێکخراوی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

ئەحمەد ماهر ڕەسول

سەرۆکی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان-

سلێمانی - بەرانان

نوسکار